# سزا مەدەن بە سزادانی خوای گەورە

لە عیکریمەوە دەڵێت: عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- خەڵکانێکی سووتاند، ئەمە گەیشت بە ئیبن عەباس؛ ووتی: ئەگەر من بوومایە نەیانم دەسووتاند چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «سزا مەدەن بە سزادانی خوای گەورە»، ودەیانم کوشت هەروەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «هەرکەسێک (ئاینەکەی گۆڕی^؛ بیکوژن». ^(واتا: ئەگەر لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە -مورتەد- بوو
[سەحیح - ڕاست] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە)]

عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- ئیجتیهادی کرد و کۆمەڵێک لە زندیقەکانی بە ئاگر سووتاند کە لە ئیسلام هەڵگەڕابوونەوە، ئەم هەواڵە گەیشت بە عبد الله ی کوڕی عەباس -ڕەزای خوای لێبێت-، ئەویش پشتیوانی کرد لە کوشتنیان؛ بەڵام نکۆڵی کرد لە سووتاندنیان بە ئاگر. ووتی: ئەگەر من لە شوێنی ئەو بوومایە بە ئاگر نەمدەسووتاندن؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی کردووەتەوە کە نابێت کەس بە ئاگر سزا بدات جگە لە الله نەبێت کە خوڵقێنەری ئاگرە، بۆیە تەنها کوشتنیان بەسە، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: هەر کەسێک لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە و ئاینەکەی گۆڕی بۆ ئایینێکی تر؛ ئەوا بیکوژن.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee